پشکۆنەجمەدین

# مۆمیاکان منداڵیان نابێت!

سێ مانگ و دە رۆژە، خەڵکی کوردستان سندووقەکانی دەنگدانیان جێ هێشتووە و دەنگی خۆیان داوەتە ئەو لیستانەی کە بڕیار بوو پەرلەمانێک بۆ هەرێمی کوردستان چێ بکەن، یاخود ڕاستتر بڵێین، پەرلەمانێکی لەمێژە مردوو بە گۆچانی سیحراویی هەڵبژاردن، زیندوو بکەنەوە!. هەتا نووسینی ئەم دێڕانەش، جووڵەیەک لە جەستەی ساردەوەبووی پەرلەماندا نابینین.

پەرلەمان، چەمک و مانا و ئەرک و لێپرسراوێتیی یاسایی خۆی لەمێژە لە دەست داوە. پەرلەمانی کوردستان، بەرهەمی ژانگرتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و لە پرۆسەیەکی زێدەئاڵۆزی "دیموکراسی"دا لەدایک بوو، بە گورزی شەڕی براکان ئیفلیج بوو، لە تێزابی ئەقڵێتی حیزبی دەسەڵاتخوازی کوردیدا، مردا!.

ساڵانێک بوو، بۆ سەلماندنی زیندووێتیی ئەزموونی سیاسیی کوردستان، جەستەی دوولەتکراوی پەرلەمانمان وڵاتەووڵات دەگێڕا!.

ئێمە، لە مردنی پەرلەمان دڵنیا بوین، کەچی دەمانویست لاشەی مۆمیاکراوی، بە "ئەوی دی" ، بە نرخی زیندوو نیشان بدەین!.

پەرلەمانی کوردستان، جگە لە داهۆڵێک، دیکۆرێک و جەستەیەکی بێگیان شتێکی دیکە نەبوو!. هێزە دەسەڵاتدار و بزێوەکانی نێو پەرلەمان، ساڵانێکە بووکەشووشەی

پەرلەمان بۆ ژێرکردنەوەی ئەو جەماوەرە گرینۆکە بەکار دێنن کە بۆ پەرلەمان دەگری!.

پەرلەمان، لە دیدی حیزبی کوردییەوە (پارتی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، دێوجامەیەکی دیموکراتییە. ئەوان، بە وڵاتانی نێوچەکە و دنیا دەبێژن: ئێمە دەسەڵاتێکی مۆدرن و سێکولار و دیموکراتین. ئێمە ئەزموونێکی دیموکراسییانەی حوکمڕانیمان هەیە و دەشێت بۆ ئێراق و وڵاتانی نێوچەکە، ببێتە سەرمەشق و چاولێکراو!.

ئەزموونی سیاسیی ئێراق کەوتە گەڕ. پەرلەمان هەڵبژێردرا. پەرلەمان، سەرۆک و جێگرەکانی، سەرۆکوەزیر و بریکارەکانی، حکومەت و وەزیرەکانی دامەزراند. کورد، هێندە بۆ خستنەگەڕی ماشێنی دەوڵەتی ئێراقی "فیدراڵ" بەپەرۆشن، جارێ پەرلەمانەکەی خۆیان خەواندووە!.

کورد پێویستی بە پەرلەمان نییە!. چما پەرلەمان لە مێژووی خۆیدا، چ بڕیارێکی چارەنووسسازی لەمەڕ کێشەی کورد وەرگرتووە؟!.

پارتی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەتوانن رۆڵی دوو پەرلەمان بۆ کورد بگێڕن!. ئەوان، ئەرکی گفتوگۆ و لێدوان و شەنوکەوکردنی هەر کێشە و مەسەلەیەکی یاسایی و نایاساییان لە کۆڵی ئەندامانی پەرلەمان کردووەتەوە!. ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا ئەرکی دەنگدان لەسەر بڕیارە پێشوەخت پاککراوەکانیان لە ئەستۆدایە!.

پارتی و یەکێتی، لە پرۆسەی دیموکراسیی کوردیدا گەمەیەکی بێتام دەکەن. ئەم گەمە "دیموکراسی"یە، دەشێت وەکو گەمەکانی "تۆم و جێری" چاو لێ بکرێت. ئاخر کاتێک "تۆم" بە سەرکەوتوویی لە گێژاوی گەمەیەک دەرباز دەبێت، "جێری" تەڵەیەکی دیکەی بۆ دەنێتەوە!. پارتی و یەکێتی بە درێژایی مێژووی ململانێیان، خولقێنەری کێشە و گێچەڵە بێکۆتاییەکانن!. کێشەی هەڵبژاردن، کێشەی دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان، کێشەی کوردستان و ئێراق، کێشەی فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی، کێشەی یەکخستنەوەی دوو ئیدارە و دواجاریش نەک دواینجار، کێشەی سەرۆک و "مەرجەع"ی هەرێم و دواتریش لە خولقاندنی کێشە و گرفتدا داهێنەرتر دەبن!.

ئێستا پەرلەمانتارەکانی کورد، چاوڕێی دەنگدانن لەسەر سروشت و کاراکتەرەکانی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بڕیارە هەردوو مەکتەبی سیاسیی ((پارتی و یەکێتی)) لەسەر چوارچێوە یاساییەکەی رێک بکەون!!.

ئەم دۆخەی پەرلەمانی کوردستانی تێدایە، دەشێ ناوی دۆخی "سووکایەتیپێکردنی" لێ بنرێت!. ئاخر ئەوەی 100رۆژ پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو دەخەوێنێت و هیچ بڕیارێک بۆ پەرلەمان ناهێڵێتەوە، تیز بە میللەت، دەنگدەر، پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەکات!.

ئەدی ئەوانەی بە سەعاتان لە ریزی دەنگداندا، لەبەر سەرما و کرێوەی زستاندا تەزین، قسەیەکیان بۆ گوتن پێ نییە؟!.

کورد، بە داهۆڵی پەرلەمانیش رازییە، کەچی دەسەڵاتداران لە سۆنگەی سەرگەرمییان بە کێشەی سەرۆکی هەرێمەوە، ئەوەشی پێ رەوا نابینن!.

پەرلەمان بە موزەی مۆمیاکان دەچێ!.

مۆمیاکان منداڵیان نابێ!.

10ی مای 2005